بوومەلەرزەیەک بگوێی 3.5 پلەی رێختەر دەکی هەژاند



وەزارەتی گواستنەوەی عێراق بڵاویکردەوە، بوومەلەرزەیەك لە باکووری رۆژئاوای پارێزگای دهۆك روویدا.

بە گوێرەی راگەیەندراوی دەستەی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی سەر بە وەزارەتی گواستنەوەی عێراق، کاتژمێر 03:31:41 خولەکی ئەمڕۆ 12ـی کانوونی یەکەمی 2023، بوومەلەرزەیەك لە باکووری رۆژئاوای پارێزگای دهۆك روویدا.

لە راگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، گوێی بوومەلەرزەکە 3.5 پلە بووە بە پێوەری رێختەر و لەلایەن دانیشتوانی پارێزگای دهۆك هەستیپکراوە.

لە راگەیەندراوەکەدا ئاماژە بە زیانی گیانی و ماددی بوومەلەرزەکە نەکراوە.

IM